







# ١٨ فیلمی تازەی کوردی لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمای دژ بە تیرۆر بەشدار دەبێت






سەرەڕای قەیرانی دارایی و کەمیی بەرهەمی فیلم لە بواری کاری سینەمادا لە کوردستان. بەڵام بە هەوڵی بەردەوامی هونەرمەندان و سینەماخوازان جموجووڵ هەر بەردەوامە. لەم سۆنگەوە بڕیار وایە خولی چوارەمی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمای دژ بە تیرۆری لە یەکی شوباتی ئەمساڵ لە هەولێر ساز بکرێت. ئەمساڵ ١٨ کورتە فیلمی تازەی کوردی بەشدارن کە سەرجەمیان یەکەم پیشاندانیانە و تازەن. بەشداریی ئەو کۆمەڵە فیلمە تازەیە یەکێکە لە تایبەتمەندی و پێشەنگییەکانی ئەم ڤیستڤاڵە کە ساڵانە لە کات و ساتی خۆیدا لە یەکی شوباتی هەموو ساڵێک بە بەردەوامی لە هەولێر ساز دەکرێت، فیلمەکانیش بەرهەمی شارەکانی کوردستانن لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دهۆک.

**فیلمە بەشداربووەکانی فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سینەمای دژ بەتیرۆر لە هەولێر.**

**٤٢ فیلم لە١٢وڵات**

لیژنەی فیلمبژێری چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمای دژ بە تیرۆر، ناوی سەرجەم فیلمە بەشداربووەکانی ڕاگەیاند. کە ٤٢ کورتە فیلمە لە ١٢وڵات. وڵاتە بەشدارەکان جگە لە کوردستان بریتین لە، عیراق، سووریا، ئێران، میسر، تونس، مەغریب، فەڵەستین، سەڵتەنەی عومان، سعودیە، موریتانیا، بەریتانیا، ئەڵمانیا. لەنێو فیلمەکانیش ١٨ کورتە فیلمی تازەی هونەرمەندانی کورد بۆ یەکەمجار نمایش دەکرێن و ١٤ خەڵاتیش بەسەر فیلمە براوەکان دابەش دەکرێ کە تیایاندا بۆ یەکەمجار خەڵاتی فیلمی ئەنیمەیشن و خەڵاتی جەماوەرە و ڤیستڤاڵەکەش ساڵانە لە ڕۆژی یەکی شوبات لە هەولێر ساز دەکرێت.

**خەڵاتە سەرەکییەکانی فیستیڤاڵ**

**خەڵاتەکانی فیستیڤاڵ بریتین لە ١٤خەڵاتی سەرەکی کە ئەمانەی خوارەوەن:**

باشترین فیلمی کوردی
باشترین فیلمی عێراقی
باشترین فیلمی عەرەبی
باشترین فیلمی بیانی
باشترین فیلمی دیکۆمینتاری
باشترین فیلمی ئەنیمەیشن
خەڵاتی لیژنەی دادوەران
خەڵاتی لیژنەی ڕەخنەگران
خەڵاتی جەماوەر
باشترین بەرهەمهێنان
باشترین دەرهێنەری کورد
باشترین دەرهێنەری عێراقی
باشترین سیناریو
باشترین ئەکتەر

بۆ یەکەم جاریشە خەڵاتی ئەنیمەیشن و جەماوەر تەرخان دەکرێ.

لە فیستیڤاڵەکەدا(٣) پانێل پێشکەش دەکرێن لەسەر میکانیزمەکانی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی سینەما بۆ تیرۆر و هزری تیرۆر و توندڕەوی، پانێلەکانیش ڕۆژانە کاتژمێر ١١ی بەیانی تا ١ی پاش نیوەڕۆ ساز دەکرێن.

لیژنەی دادوەری پێکهاتووە لە بەڕێزان:

دکتۆر عەلی حەنون
حوسێن زارین
کەریم عەبدوڵا محەمەد
عەلاء ئەلمفەرجی
لجنە النقاد مکون من
مەهدی عەباس
کازم سلوم
کەوسەر جبارە
دکتۆر سالم شەدهان
فراس شاروت
پشتیوان عەبدوڵا

# راشیل: جوانی هەموو شتێک نییە

خانمە ئەکتەری هۆڵیۆد «راشیل وایز» دانی بەوەدا نا، کە لە سەرەتای چوونی بۆ هۆڵیۆد هەستی بەوە دەکرد کە زۆر ناشیرینە و بە نهێنی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی وەك کچەکانی دیکەی هۆڵیۆد کێشی لەشی کەم بکاتەوە، ئەمەش تا رادەیەك زەحمەت بوو.

راشیل دەڵێ: ئێستا ئەم دیدەم گۆڕاوە، هەست ناکەم لە ژیاندا شتێکم لە دەست دابێت لە هەمان کاتدا زۆریش شانازی بەخۆم و ئەو ئاستەی ئێستامەوە دەکەم، هەرچەندە ئەو کات لەبەر ئەوەی لەشم وەك ئافرەتانی دیکە ئاسایی نەبوو، بۆیە نەمتوانی وەك هەر ئافرەتێکی دیکە کێشی لەشم دابەزێنم.


راشیل دەڵێت: هیچ کاتێك بێ بڕوا نەبووم بەخۆم، یان بێ ئومێد بم لەوە کە شێوازم لەگەڵ کەسایەتی خۆم نەگونجێت، هەروەها هیچ کەسێك نییە کا کاریگەریی لەسەرژیانم هەبێت و لێم تێك بدات، ئێستا لە نیۆیۆرك دەژیم و زۆریش دڵخۆشم، چونکە من نامەوێ ببم بە یەکێك لە کەسایەتییە هونەرییە ناودارەکان تەنیا دەمەوێ ئەکتەر بم و هیچی تر.



# گریانی ئەستێرەکان

هەمیشە ئەستێرەکانی هۆڵیۆد لە فیلمەکانیاندا بە گریانەوە دەبینرێن، چونکە ئەوانیش وەك ئێمە مرۆڤن و دوچاری فشارەکانی ژیان دەبنەوە بە هەموو شێوەیەك چ وەك مرۆڤی ئاسایی یان وەك ئەکتەر.

وێنەگرەکانی» بابارتزی» بە دوای هونەرمەندەکانەوەن بۆ پەیداکردنی وێنەیەك ئەگەر نرخەکەی تەنانەت رووخاندنی ئەستێرەکەش بێت، بێ ئەوەی گوێ بە هەستیان بدرێت وەکو مرۆڤ، ئەم راوەدوونانەی هونەرمەندان لەلایەن وێنەگرانەوە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی بگرین و خۆیان پێڕانەگیرێ لەبەردەم کامیراکاندا، جا لەبەر خەم، یان گرفت، یان بەهۆی خۆشیی رێزلێنان و خەڵاتکردنەوە بێت، بەتایبەتی بەدەستهێنانی ئۆسکار، لێرەدا چەند گریانێکی





# سیرین: بازاڕی گۆرانی و داهاتیشی وەک پێویست نییە

خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی لوبنانی «سیرین عەبدولنور» رایگەیاند هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو گۆرانییانە هەڵبژێرێت کە لەلایەن جەماوەرەوە ویستراو بن و لە رووی تێکست و ئاوازەوە سەرکەوتوو بن و بە زیندوویی بمێننەوە.

سیرین ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە پاڵ ئاواز و تێکستی سەرکەوتوو هەوڵ دەدات بە باشترین شێوە ئەدای گۆرانی بکات، هەروەها ئەو گۆرانییانە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ دەنگیدا گونجاو بن و جەماوەر خۆشی بوێن، چونکە بە قسەی سیرین ئێستا سەردەمی گۆرانیی خێرایە کە جەماوەر دەیەوێ،ئەمەش نیشانەی ئەوە نییە کە گۆرانیی رەسەن باوی نەماوە، بەڵکو گۆرانیی رەسەن زیندووە و بە تێپەڕبوونی کات و هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بووە، نەك وەك ئەوەی هەندێك کەس دەڵێن مردووە، یان باوی نەماوە، سیرین لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە ئێستا سەردەمی گۆرانیی تاك و کلیپی جوان و سەرنجڕاکێشە، بەتایبەتی کە کاری کۆمپانیاکان تەنیا دابەشکردنە نەك بەرهەمهێنان، بازاڕی گۆرانی وەك جاران باوی نەماوە و داهاتەکانیشی وەکو پێویست نین و دوای ئەوەی هونەرمەند خۆی ماندوو دەکات بۆ تۆمارکردنی ٨-٩ گۆرانی تەنیا ٢-٣ گۆرانی رەواجیان دەبێت و دەناسرێن واتە تەنیا ئەوانەی کلیپیان بۆ دەکرێت.

## ــــــی هۆڵیۆد

بەناوبانگی ئەستێرەکانتان بیردەخەینەوە:

١- گوینس پالترۆ گریانەکەی بەناوبانگە کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێنا.

٢- ڤیکتۆریا بێکهام بە دڵڕەقی بەناوبانگە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٠ بە راستی گریا.

٣- کیم کارداشیان لە ئەڵقەیەکی بەرنامەکەیدا بەشێوەیەکی سەیر گریا.

٤- لەیدی گاگا لە بەرنامەی (dancing with the stars) گریا.

٥- ئۆپرا لە کاتی بیستنی چیرۆکێك راستەوخۆ گریا.

٦- ریهانا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئۆپرا گریا.

٧- جنیڤەر لۆپێز دەموچاوی خۆی شاردەوە تا کەس فرمێسکەکانی نەبینێ.

٨- جنیڤەر ئەینستۆن لە کاتی خەڵاتکردنیدا گریا.

٩- هیو جاکمان لە دیمانەیەکدا گریا.

١٠- لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی راستەوخۆدا رۆبیرت دی نیرو گریا.

١١- گریانی ئەلیشا کیز، هەروەها گریانی هالی بیری لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بەناوبانگن.




### هونەرمەندی وێنەکێش یەحیا ئیبراهیم:

# بە شانازییەوە لۆگۆی کوردستانم بە زێڕ نەخشاندووە



* یەحیا ئیبراهیم سەبارەت بە مێژووی ئەم هونەرە وتی:

مێژووی نەخشسازی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش زایین و لە هەموو سەردەمێکدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە کە بە ئاوێنەی شارستانیەت دادەنرێت کە تێدا ڕەنگدانەوەی وڵاتان دەبینرێت،وەك نیشاندانی ژیان و گوزەرانیان و زانینی ئاستی زانین و زانستیان و ئاینیان و شارستانیەتیان کە تاکو ئێستا ئاسەواری ئەم نەخشسازییە پارێزگاری لێکراوە لە ئەشکەوتەکان و شوێنە دێرینەکان وەك قەڵای هەولێر کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٤٠٠٠ ساڵ) پێش زایین.



ئەم هونەرە لە سەردەمی ئیسلامدا گرنگییەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە کە سودیان وەرگرتووە لە شارستانیەتی (گریك و ڕۆمانی کۆن) و دواتر گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هێناوە، ئێستا بۆتە مۆرکی تایبەت بە موسڵمانان کە ئەم هونەریان زیاتر لە وڵاتی ئێران وەرگرتبوو بۆ ڕازاندنەوەی بەرگی قورئانی پیرۆز و پەڕاوەکانیان، بۆ یەکەمجار فاتمیەکان دەستیان کرد بە ڕازاندنەوەی مزگەوتی (ئەزهەر)، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچی (دەیەمی زایینی)، کە مزگەوتەکە بە نەخشی هەڵکۆڵین (نحت) ڕازاندراوەتەوە لەسەر دار و بەرد و بەردی مەڕمەڕ (رخام) و ماددەی ڕەنگاوڕەنگیان تێدا بەکارهێناوە .




* یەحیا ئیبراهیم تیشك دەخاتە سەر کەرەستەکانی ئەم هونەرە و دەڵێت:

ئەو کەرەستانەی بۆ نەخشسازی بەکاردێن زۆر جۆرن و بە گوێرەی جۆر و شێوەی نەقشەکە دەگۆڕدرێت بۆ نمونە تابلۆ لەسەر بەرد و شتی ڕەق پێویستی بە کەرەستەی هەڵکۆڵینی و شێوازی ڕەنگاوڕەنگیش پێویستی بە فلچە و بۆیە و پێنووسی تایبەت هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی بە هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هونەری نەخشسازی زیاتر ڕەنگدانەوەی بە خۆیەوە بینی و خۆی خزاندە نێو هونەری کوردی و سودیان لەم پێشکەوتنە وەرگرتووە لە ڕازاندنەوەی باڵەخانەکان و نەقش و نیگاری نێو شتومەك و جلی کوردی و کەرەستەی خواردن و فەرش و مافوور.

سەبارەت بە کار و پیشانگاکانی خۆی کە گرنگترینیان ناوی (کوردستان)ە یەحیا دەڵێ:

لەبەرئەوەی کاری هەڵکۆڵین دەکەم، لە پیشەکەی خۆمدا هەوڵمداوە کاری نوێ و سەردەمییانە بێنمە ناو وڵاتەکەی خۆم، گەلەکەم بەکاری نەقش و نووسین لەسەر زێڕ و زیو ئاشنا بکەم، بەهۆی بەشداریکردنم لە چەندین پێشانگای خشڵ لە دەرەوەی وڵات.

کەرەستەی تایبەتی نەقش لە پیشەکەی مندا وەك مشاری تایبەت بە بڕین و (تخریم) کردن و ئامێری هەڵکۆڵین، نەقش کردنیش لەسەر بەرد ئامێری تایبەتی خۆی هەیە.

دوو ساڵێك بەر لە ئێستا هەڵسام بە دروست کردنی ناوی (کوردستان) بە زێڕی عەیاری (٢١)، کە کارەکان کاری دەستی بوون لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی لێوە کراوە. لەبەرئەوەی زیاتر لە (٢٦) ساڵە لە بواری خۆشنووسی دا کاردەکەم، چەندین پێشانگام کردووەتەوە، کە تابلۆکان خۆشنووسی و نەخشسازی بوون، و بەشداریم کردووە لە چەندین پێشانگای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی،لەوانە بۆ شەشەمین جار لە وڵاتی تورکیا و دووەمجاریش لە ئیماراتی عەرەبی و سعودیە و مالیزیا و (واشنتن/ئەمریکا).

* ئەم هونەرمەندە تیشك دەخاتە سەر گرنگیدان بە هونەری نەخشسازی لە کوردستان و لەو بارەیەوە دەڵێت:

هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری هاوکاری تەواوی هونەرمەندان بێت بە گشتی لەبەر ئەوەی هونەر



هونەری وێنەکوێنەکان بە یەکێك لە کۆنترین هونەرەکان لە جیهاندا هەژمار دەکرێت، کەرەستەی سەرەکیی ئەو هونەرە بەردە، کە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی سەر رووی زەمینی پێ دەکێشرێ، لەو سۆنگەوەش هونەرمەندێکی وێنەکێش هەڵدەستا بە هەڵکۆڵینی بەرد و وێنەی چەند کەسایەتییەکی بەرچاویان پێ کێشاوە و تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێ، ئەو وێنەیە هەر ماوە، ئەوەی جێی سەرنجە لە هەرێمی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆ بەو هونەرە نادرێت، تەنانەت ئەوانەی لەو بوارەشدا دەسترەنگینن، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، کە بریتین لە چەند کەسێك و لە ماوەی رابردووشدا داهێنانی جوانیان پێشکەش کردووە، بەڵام ئەوەی کە هونەرمەند (یەحیا ئیبراهیم هەولێری) پێشکەشی دەکات، تەواو جیاوازە لە کەسانی دیکە، ئەویش هەڵکۆڵینیە لەسەر زێڕ، رابردووش باشترین شایەتحاڵە، کە توانیویەتی چەندین پێشانگای تایبەت لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بکاتەوە.

سەرچاوەی شارستانیەتی ئەم وڵاتەیە و ئاوێنەی پێشکەوتنیەتی.

بایەخدان بە هونەری نەخشسازی بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری هونەر کەمترە لەبەر ئەوەی قوتابخانە یان پەیمانگەیەکی تایبەت بەم هونەرە نییە، بەڵام هۆی سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر بەکارهێنانی ئەم هونەرە، بەڵام بەرەبەرە کرانەوەیەك هەیە بۆ ئاشنا بوونی خەڵك بەم هونەرە و بەکارهێنەرانی روویان لە زیادبوون کردووە.

دەربارەی ئەزمونی هونەرمەندانی پێش خۆی و خەڵاتەکانی دەڵێت:

سوودم لە ئەزموونی هونەرمەندانی ئێران و نەخشسازانی تورکیا بینیوە کە زیاتر کار بۆ رازاندنەوەی تابلۆ خۆشنووسەکان دەکەن.

سوپاس بۆ خودا دەستکەوتەکانم زۆرن بە تایبەتی لە دروستکردنی مەدالیای زێڕ و زیو بۆ کەسایەتیەکان و هونەرمەندان و ئەدیبان و ئەکتەر و شاعیرانیش، بۆ چەندین جاریش خەڵات کراوم بە هۆی سەرکەوتنم لە چەندین پیشبڕکێ و بەشداریکردنم لە زۆرێك لە پێشانگاکاندا.

*** لە کۆتاییدا سەبارەت بە گرنگیدان بەم هونەرە بەتایبەتی کردنەوەی خولی تایبەت یەحیا ئیبراهیم دەڵێت:** لەبەرئەوەی ئەو کەرەستە وجلوبەرگ و شتانەی کە کاری نەخشیان لەسەرکراوە، زیاتریان هاوردە دەکرێن لە وڵاتان، بە ئەکادیمی نەکردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی لایەنی بەرپرسانی هونەری و خودی هونەرمەندانیش، بەڵام ئەگەر داواکاری زۆربێت بۆ کردنەوەی خولی نەخشسازی ئەوە بە دڵنیاییەوە بیرمان لێی کردۆتەوە و بە گرنگی دەزانین و وەکو چۆن لە رابردووشدا خولی خۆشنووسیمان کردووەتەوە و تێیدا بەشداربووان سوودمەند بوون.